www.kurdistannet.org
14-10-2006 7:45 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بێ بمدەوە ... سالار جەوهەر

Salar74. j@hotmail. com

تۆ هەر ئەڕۆی و جێمدێڵی... بێ بمدەوە
ئەو دڵەی ڕۆژێ دام بەتۆ... بێ بمدەوە
بەر لەماڵئاواییت گوڵم... خەونەکانت
بەرەو... خەونم با نەتاسێ.... بێ بمدەوە
چیدی لەخوێنما ناگەڕێ ی، شیرینەکەم
ئەو هەناسانەی بۆت سووتان... بێ بمدەوە
ئێوارانی پرچی تەڕت ئەخەیتە بەر ڕەشەبایە
من پەنجەکانم خۆش ئەوێن.... بێ بمدەوە
نەبا یاخیبن لێت چاوت... لە ڕێگادا
ڕوحم هێند کە هۆگریان بوو... بێ بمدەوە
ترسم هەیە لەتۆیی هەنگاوێ تووڕەیا
ڕازەکانم لێت هەڵوەرێن.... بێ بمدەوە
ئەڕۆی ئاخۆ، لەکام کێڵگە لێو ئەڕوێنی؟
تۆوی ماچم لا پیرۆزن.... بێ بمدەوە
کاروان کوژەی سەرابێ خولیات پێ ئەگرێ
من ڕۆخانەیەبوون شیعرم... بێ بمدەوە
هەرمێ ی حەزت بەکرێوەیە ئەسپێری
سەر پەڵەی خاکێ بوو عەشقم... بێ بمدەوە

15. 7. 2006